# چەكوشی ئەمریكا و سندانی پارتی و یەكێتی

نورەدین سەعید وەیسی

بەلامەوە ئاساییە كەبەدوای داگیركردنی عیراق لەلایەن ئەمریكاوە، بەشێكی زۆری خەڵكی كوردستان خۆشحاڵ وشاگەشكەبن بەوەی پارتی ویەكێتی لەپەلوپۆخراون وناتوانن بەئەندازەی جاران دەست بنێنە بینەقاقای خەڵكی ، چونكە من لەگەڵ ئەوبۆچوونەدا كۆك نیم كە دەسەڵاتێكی زۆردارو سەركوتكەری كوردی پی باشتروچاكترە لەدەسەڵاتێكی كراوە و ئازادی بیانی .

پارتی ویەكێتی هەنووكە دەبی زۆر بەوردی ئەو پرسیارە لەخۆیان بكەن ئەم خەڵكە بۆچی تا ئەوئەندازەیە لەدەسەڵاتەكانیان بێزارن كەبەهاتنی ئەمریكاو سنووردداربوونی دەسەلاتی ئەوان خەریكە لەخۆشیان باڵ بگرن، ئەمە بۆخۆی باشترین ریفراندۆمی جەماوەرییە لەسەر شكستی ئەو دەسەڵاتەی كە دوانزە ساڵە یەكێتی و پارتی خۆیان وخەڵكیشی پی چەواشە دەكەن گوایا ئەزموونێكی دیموكراتی نموونەییەو لەوەباشتر پەیدا نابی .

چەند ساڵێكە كۆمەڵە كوردێكی دلسۆزو پەرۆش لەنێوخۆودەرەوەدا، دەسەڵاتدارانی كوردستان لەهەڵە كوشندەكانیان وهاتنە پێشی رەوشێكی ئاوا وریا دەكەنەوەوپێیان دەڵێن رۆژێك دادی خەڵك ئەگەر بەقسەش بێت بەروویاندا بتەقنەوە، سەدان پێشنیاری بەجێیان رووبەرووی دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبەكە كردەوە، كەچی بەلەخۆباییبوونێكی زۆرەوە نەك هەرگوێیان لی نەگرتن بەڵكو زۆرجاریش بەناحەزو دژبەئەزموونی كوردستان تاوانباریان دەكردن.

لەم رۆژانەدا لەتەلەڤزیۆن گوێم لەقەڵەم بەدەستێكی حیزبی بوو - *كەدیاربوو زۆر لەگەمارۆی ئەمریكا بۆسەر پدك وینك نیگەران بوو*- دەیفەرموو ( (هەقە خەڵكی كوردستان ئێستا لەهەمووكاتێك زیاتر لەدەوری دەسەڵاتی كوردستان كۆوەبن) ) ئەو قەڵەموانە پێش ئەوەی ئەو پێشنیارە نازدارە رووبەرووی خەڵكی مارانگەزتووی كوردستان بكاتەوە، هەق بوو لەخۆی پرسیبا بەكامە هەق خەڵك لەدەوری دەسەڵاتێكدا بگەرێن كەدوانزە ساڵە پشتی تێكردوون ومووچەكەشیان پی رەوا نابینی هەتا رۆژانەو سی ژەمە سووپاسگوزاری خوا نەبی بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی كە بەدیاری بۆی ناردوون.

بەڵام سەرەرای ئەمەش نابی لەبەرامبەر پلان ونەخشەكانی ئەمریكا لەكوردستاندا بی خەم وخۆشنوود بین، چونكە پێناچی نەخشەكانی ئەوان وخواست وداواكانی ئێمە تێك بكەنەوە، بەتایبەتیش دوای دابراندنی بەشێكی گرنگی شاروشارۆچكەكان لەسنووری جوگرافی باشووری كوردستان ولێدوانی بریمەر لەبارەی فیدرالیزمەوە كە بەگوتەی خۆی ( (دەبی خەڵكی عیراق بریاری لەسەر بدا) ) !، ئەم بریارو لێدوانانە زۆر مایەی نیگەرانی وپرۆتستۆكردنن، جا خاوەنەكانیان عەرەبێكی چاورەش بی یا ئەمریكاییەكی چاوشین.

**تێبینی كوردستان نێت:**

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەرۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت